
2004 8 14

# خۆپیشاندان لە شاری ئۆسلۆ لە دژی ڕاسیسمی دەوڵەتی و

# دەرکردنی پەنابەرانی سیاسی کورد و ئێرانی لە نۆروێژ

کات ژمێر ٣ ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٥ ی مانگی یونی ٢٠٠۴ ی زایینی ، خۆپیشاندانێکی شکۆدار لە لایان سازمانی پشتیوانی لە مافی پەنابەرانی ئێرانی ، کۆمەڵە و ڕێکخراوی نۆروێژی بلیتز و هەروەها بەشداری و پشتیوانی کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی نۆروێژ و پەنابەرانی کورد و ئێرانی لە بەرانبەر وەزارەتی کۆمۆنەکانی نۆروێژ بەڕێوە چوو . ئەم خۆپیشاندانە کە لە لایان پۆلیسی نۆروێژەوە بە توندی گەمارۆ درابوو، بە دانی دروشمی سیاسی لە دژی سیاسەتی دەرکردنی پەنابەرانی کورد و ئێرانی دەستی پێکرد و پاشان چەند ووتاری سیاسی لە لایان ڕێکخراوانی بەڕێوەبەری خۆپیشاندان پێشکەشی بەشداربووان کرا .

هەروەها دو کەناڵی ئاسمانی TV 2 و TV Norge ووت و وێژیان لە گەڵ نێونەرانی خۆپیشاندان و لە وانە ئەندامێکی کۆمیتەی کۆمەڵە لە نۆروێژ سەبارەت بە بارودۆخی پەنابەری لە نۆروێژ و هەروەها هەل و مەرجی ئێستای کوردستانی ئێران پێك هێنا ، هاوڕێیانی کۆمەڵە هەروەها چەند ڕاگەیاندنی گشتی کۆمەڵەیان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی کوردستانی ئێران لە ناو بەشدار بووان دا بڵاو کردەوە .

لە کۆتایی دا ووتەبێژانی خۆپیشاندانەکە ، بڕیارنامەی بەشداربووانیان پشکەشی وەزیری کۆمۆنەکان خاتوو ئەرنا سولبەرگ کرد ، شایانی باسە ناوبراو بەرپرسی ڕاستەوخۆی توووند و تیژکردنەوەی سیاسەتی وەرگرتنی پەنابەری یە لە نۆروێژ . ئەم خۆپیشاندانە بە ماوەی سەئاتێك درێژەی خایاند و بە هێمنی کۆتایی پێ هات .

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ڕێکخراوی نۆروێژ

١٥ ی مانگی یونی ٢٠٠۴


Stopp deportering av
asylsøkere
som er i livsfare
Iran et land der
politiske aktivister
blir dømt til døden.
STOPP
ASYLSØKERE
2004 6 14


Stopp deportering av
asylsøkere
som er i livsfare
Iran et land der
politiske aktivister
blir dømt til døden.
2004